# جوو،
# له ماڵه‌كه‌ی گالینا دا هه‌ن

***دیدار مه‌سیفی***
dmasifi289@yahoo.ca



گالینا كاره‌كته‌ری سه‌ره‌كی چیرۆكێكی لارا ڤاپیناره به ناوی {جوو له ماڵیكه‌ی من دا هه‌ن} كه له‌گه‌ڵ پێنج چیرۆكی جوانی دیكه به ناوه‌كانی شه‌مه‌نده‌فه‌ره‌كه‌ی ئۆڤراشكی، ره‌زی لیدیا، پرسیارێك بۆ ڤێرا، ئه‌ویندار و وانه‌كانی ئه‌وین له دووشه‌ممه له تویێ كتێبێكدا كۆكراونه‌ته‌وه كه هه‌ر یه‌كه‌یان شایسته‌تره له ئه‌ویتر بۆ خوێندنه‌وه.

ئه‌وه‌ی جێگای سه‌رنجه سه‌بارەت به لارا ڤاپنیار ئه‌وه‌یه كه ئه‌و له پڕ به زمانی دووه‌م له ماوه‌یه‌كی كورت دا ده‌ستی دایه نوسین و سه‌ركه‌وتنێكی گه‌وره‌ی به ده‌ست هێنا.

لار له ساڵی 1971 له مۆسكۆ له دایك بووه و له ساڵی 1994 دا له‌گه‌ڵ هه‌وسه‌ره‌كه‌ی بۆ وولاته یه‌كگرتووه‌كانی ئه‌مریكا كۆچیان كردووه. ئه‌و وه‌ك هه‌ر كه‌سێكی كۆچبه‌ر كه رووبه‌رووی ژیان و زمان و كه‌لتورێكی تازه ده‌بێته‌وه، سه‌ره‌تا گه‌لێك كێشه و ئاسته‌نگی ده‌كه‌ونه رێ. به‌ڵام لارا ڤاپینار به شێوه‌كی خێرا هه‌نگاو ده‌نێت و زوو وه‌ك كۆنراد و ناپۆكۆڤ ئه‌و بیرۆكه‌یه تێكده‌شكێنێت كه ده‌ڵێت "مه‌حاله له دوایی ته‌مه‌نی بیست ساڵی به ته‌واوی به‌سه‌ر زمانی دووه‌م دا زاڵ بیت؛ له ئه‌سته‌ێرانیش دوورتره بوون به نوسه‌ر به‌و زمانه!"




لارا له چه‌ندین چاوپێكه‌وتن دا ئه‌وه‌ی دووپات كردۆته‌وه كه ئه‌و كاته‌ی هاتۆته نیویۆرك ته‌نها چه‌ند ووشه‌یه‌كی ئینگلیزی وه‌ك سوپاس و به‌یانی باش و ئێواره باشی زانیوه. به‌ڵام پاش ده ساڵ ژیان له ئه‌مریكا، ئێستا چیرۆك و رۆمان به ئینگلیزی ده‌نوسێت و خاوه‌ن بروانامه‌ی دكتۆرایه له ئه‌ده‌بی به‌راوورد. لارا هه‌رچه‌نده له چیرۆكی {جوو له ماڵه‌كه‌ی من دا هه‌ن} زمانێكی ساده‌ی به‌كارهێناوه، كه‌چی شێوازی نوسین و وه‌سف كردنی كاره‌كته‌ر و رووداوه‌كان به‌رگێكی ئه‌وه‌نده زیندوویان له‌به‌ردایه له‌وانه‌یه بۆ خوێنه‌ر ئه‌سته‌م بێت كه جوایه‌زی نێوان ئه‌و ده‌قه و ده‌قێكی دیكه بكات كه له لایه‌ن نوسه‌رێكی به ره‌گه‌ز ئینگلیزه‌وه نوسرابێت.

چیرۆكه‌كه سه‌رده‌مێك ده‌گێڕێته‌وه كه یه‌كێتی سۆڤیه‌تی جاران له ژێر فشاری نازییه‌كان دایه، سه‌ره‌تا وا ده‌ست پێده‌كات كه گالینا مه‌نجه‌ڵێكی پڕ له په‌تاته‌ی كوڵاو ده‌هێنێته سه‌ر مێزی نان خواردن كه جگه له كورسێكی به‌تاڵ بۆ ئه‌و، ئه‌وانی دیكه به تانیا و رایا و لیزا پڕ كراونه‌ته‌وه. تانیا كیژه حه‌فت ساڵیه‌كه‌ی لارا له خوانی په‌تاته خواردنی سه‌ر مێزه‌كه‌دا، چوار كاره‌كته‌ره سه‌ره‌كیه‌كه‌ی چیرۆكه‌كه‌ی له بازنه‌یه‌كی داخراو دا به‌یه‌كتر ده‌به‌ستێته‌وه. دواتر ده‌چێته نێو ئاشكراكردنی ووردەكارییه‌كانی چیرۆكه‌كه‌ی و نێوان گالینا و رایا ده‌كات به دوو دونیای هاوشێوه و هاودژ به یه‌كتر.

گالینا و رایا دوو ئافرەتی چاوشین و جوانن کە ئاکار و سیمایان ئەوەندەی دوو خوشکی جمک لە یەکتر دەچێت. هەردووکیان لە پەرتوکخانەی شارۆچکەیەکدا فەرمانبەرن کە بە لە هاتنی ئەڵمانەکان شوێنێکی ئارام و بێ کێشەیە. لارا ڤاپنیار زۆر لێزانانە جیاوازی و لە یەکترچوونەکانی ئەو دوو کارەکتەرەی بە دەر خستووە کە لە دوو سەردەمی شەڕ و ئاشتی دا پەیوەندی نێوانیان بەرزی و نزمی سەیر و ئاڵۆز بە خۆیەوە دەبینێت.
رایا کەسێکی جوولەکەیە و خاوەن هاوسەرێکی کرێت و کەپۆ زلە کە ناوی میشایە. باری ژیانی ئەوان زۆر لە هی گالینا و سێرگی هاوسەری باشترە. بەڵام گالینا و رایا سەرەڕای خۆشەویستی و سۆزییان بۆ یەکتر ئەو جیاوازییە ئاینی و کۆمەڵایەتیەی نێوانیشیان هەرگیز نابێتە هۆیەک بۆ چاندنی تۆی رق و کینە لە دڵیان دا.
ئەو دوو کارەکتەرەی چیرۆکەکەی لارا ئەوەندە دەچنە ناو ناخی یەکتر و ووردەکارییەکانی ژیانی خۆیان بۆ یەکتری دەدرکێنن، تا وای لێ دێت لە کۆتایی چیرۆکەکەدا گالینا و رایا دەتوانن لە بێدەنگیشدا بیری یەکتر بخوێننەوە.
بەرلەوەی ئەڵمانەکان شارۆچکەکە داگیر بکەن رایا پەیوەندیێکی نهێنی لەگەڵ ئەندازیارێکی کورت و قەڵەو و شەهوانی پەیدا دەکات کە هەردەم لە بەر ئەو هاتوچۆی پەرتوکخانە دەکات. رایا هەرچەندە لە جوانی دا هاوشێوەیە لەگەڵ گالینا بەڵام ئەو بۆ ئەو کەسانەی دێنە پەرتوکخانەکە پتر جێگای سەرنجە. ئەوەش نابێتە جێگای بەخیلی گالینا، تا ئەو کاتەی رایا بە زاری خۆی هەموو ووردەکارییە نهێنیەکانی خەوتنی لەگەڵ ئەو پیاوە بۆ گالینا باس دەکات و ئەو دەخاتە نێو تەونێک لە گومان و بیرکردنەوە. بە نەتوانین بوون بە رایا، گالینا هەردەم رووداوێکی دێتەوە بەر چاو کە لە رەفتارێکی پڕ لە شەرمەزاری دا دایکی بینیبووی و بە توورییەوە پێی گوتبوو "کچم من نامەوێت ببیت بە سۆزانی! "
گالینا بە خیانەت کردنی رایا لە هاوسەرەکەی و گێڕانەوە تەڕ و بێ پەردەکانی دەچێتە بارێکی دەروونی سەیرەوە و هێواش هێواش پیرۆزی ئەو هاوڕێیەتیەی لەگەڵ رایا دا لە پێش چاو دا دەڕمێت.
گالینا ماوەیەک پاش کۆتایی هاتنی عەشقە قاچاغەکە و رۆیینی ئەندازیارەکە لە شارۆچکەکە، لە کاتی حەشاردان و داڵدەدانی رایا و کچە هەشت ساڵیەکەی ئەوەندەی دەکات ناتوانێت دڵی بشواتەوە و ئەو قرێژەی لەسەر لابات کە بە هۆی گوێ گرتنی بۆ نهێنیە بێ پەردەکان کەلەکە ببوو. بۆیە رۆژێک ئەوەندە نامێنێت کە لەو کاتە دژوار و ترسناکەی رایا و کچەکەی تێدابوو، بچێت شوێنی ئەوان لەماڵەکەی خۆی بۆ ئەڵمانەکان ئاشکرا بکات.
گالینا لە رێگا دا بەرەو ناوەراستی شار بە قووڵی بیردەکاتەوە و وەک لێشاو ئەو ووشە ئەڵمانیانەی بیر دێتەوە کە ساڵانێکی دوور بوو زانیبوونی. کە دەگاتە ناوەراستی شار، تانک و ئۆتۆمبێلی سەربازی دەبینێت دڵی خورپە دەکات لەوەی کە بچێت یان نەچێت ؟ لە نێو ئەو بیرکردنەوانە دا دەبێت کاتێت پێیەکانی بۆ دواوە دەیگێڕنەوە و وای لێدەکەن لە پڕ بە ڕاکردن لەو بیرکردنەوە رەشانەی هەڵبێت.
کە دەگاتە ماڵەوە هەناسەی ئۆخەی هەڵدەمژێت کە ئەو کارەی نەکرد، بەڵام کە زیاتر هەنگاو بۆ ژوورەوە دەنێت لە چۆڵ بوونی ماڵەکەی هەناسەکەی ساردتر دەمێنێتەوە. لێرەدا بە ناچاری بە پەژارەیەکی زۆرەوە بە تانیا دەڵێت "کچم، ئەوان کەنگێ رۆیشتن ! "